بەریتانیا یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە جۆری نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا دۆزییەوە

ئاژانسی ئاسایشی تەندروستی بەریتانیا ڕایگەیاند، یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا COVID-19 لە جۆری BA 2.86 لە وڵاتەکەدا لە کەسێکدا دۆزراوەتەوە کە بەم دوایانە گەشتی نەکردووە. سەنتەری ئەمەریکا بۆ کۆنترۆڵکردن و ڕێگریکردن لە نەخۆشییەکان ڕایگەیاند که پشکنین لە جۆرە نوێیەکی ئەم ڤایرۆسە دەکرێت، کە گۆڕانکارییەکی زۆری هەیە بە گۆڕینی ڤایرۆسەکە کە دەبێتە هۆی توشبوون بە ڤایرۆسی کۆڤید.

شایەنی باسە، وڵاتانی ئیسرائیل و دانیمارک و ئەمەریکا تووشبوونیان بەم جۆرە ڤایرۆسە دۆزیوەتەوە.